بێجگە لە گوتەی تاراوگە، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک بڵاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها خستنە ڕووی هەواڵ و زانیاری کوردانی تاراوگەنشینە..

# تاراوگە

TARAWG
سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات
Amsterdam
Holland

بڵاوکراوەیەکی هەواڵیی کوردانی هۆڵەندایە
Juni. 2018
ژمارە 1 ساڵی یەکەم
حوزەیرانی ٢٠١٨

## کوردانی تاراوگە چاوەڕوانی چی لە دواڕۆژی نەوەکانیان ئەکەن

### گوتەی تاراوگە

له مێژه بە ئاواتی ئەو ڕۆژەوە بووین، کە بتوانین بڵاوکراوەیەکی تایبەت و هەمەلایەنە سەبارەت بە کوردانی تاراوگە بەگشتی و کوردانی هۆڵەندا بە تایبەتی بڵاوبکەینەوە، هەرچەندە لە ڕابردوودا چەندین هەوڵی تاکلایەنە و بە کۆمەڵیش هەبوون، چ بە زمانی کوردی و هەندێ جار بە زمانەکانی دیکەی کە کۆچبەرانی کورد لە وڵاتەکانیاندا ژیاون.

ئەگەر ئێمە بمانەوێ، ئاگاداری ڕوداوەکانی ڕۆژگار و ئەو گۆڕانکارییە تیژتێپەڕانەی ئێستا بین، کە بەسەر کۆچبەرانی کورددا دێن و ئەو کاریگەری و پێشکەوتن و هەڵسوکەوتانە لێک بدەینەوە، ئەبێت بڵاوکراوەی لەم شێوەیەی ئێستا گرنگی پێ بدرێت، هەوڵ بدرێت هەرکەسە لە لای خۆیەوە، هەرچی بە گرنگ ئەزانێ تۆماری بکات و ئاگاداری هەواڵ و زانیاریەکانی ناوخۆ و دەوروبەرەکەشی بێت.

لەم ژمارەیەوە هەوڵ ئەدەین، بە گوێرەی توانا، هەرچی هەواڵ و چالاکی و زانیاری گرنگ هەیە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کوردانی تاراوگە هەیە، لەم سەکۆیەوە بڵاوی بکەینەوە.

هەوڵ ئەدەین خۆمان بەدوور بگرین لە ململانێی حیزبی و لایەنداری و گیروگرفت و قەیرانەکانی ناوخۆی کوردستان، چونکە ئێمە لە تاراوگە ئەژین، ئەبێ ئاگاداری دەوروبەری خۆمان بین و نابێت، لەدەوروبەرمان داببڕێین، ئەمەش ناکاتە ئەوەی ئێمە سنورێک لە نێوان خۆمان و ناوەوەدا بکێشین، هیوادارم بە هاوکاری هەموو لایەک بتوانین بەردەوام بین، لە خزمەتی کۆچبەرانی کورد دا لە تاراوگە.

TARAWGA

# (ئامین) یەکەم فیلمی

## (بافڵ سەرهەنگ) ساڵی 2018
## لە فێستیفاڵی (کان) لە فەڕەنسا نمایش کرا

بافڵ هیوا سەرهەنگ، دەرهێنەرێکی کوردە، یەکەم فیلمی لە بواری فیلمسازیدا، کە کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، ئەمساڵ 2018 لە فێستیفاڵی (کان) لە فەڕەنسا نمایشکرا، هەفتەی پێشوو ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 27–05–2018 لە ڕۆتردام پیشاندراو لە ڕۆژانی ئایندەشدا لە چەند شارێکی دیکەی هۆڵەندا نمایش ئەکرێت ئەکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر دەربارەی فیلمەکە ئاشنا بین، لە نزیکەوە هونەرمەند (بافڵ هیوا سەرهەنگ)مان بینیی و ئەم پرسیارانەمان ڕووبەڕوو کردەوە.


پ1: بێگومان هەڵبژاردنی فلیمێکی لەم جۆرە، کە کوردێک، نوسیبێتی و دەرهێنا بێت، بەشداری پێکردنی لە فیستفاڵی و گەورەی وەک کاندا، نیشانەی پرۆفیشناڵی و بە هێزی فلیمەکەیە، حەئەکەم ئەوەت لێ بپرسم، چۆن بیرت لە نوسین و دەرهێنانی ئەم فلیمە کردەووە.

1 – زۆر لە مێژە ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە سەرقاڵی کردبووم. بەشێکیشی هەر بەڕاستی ڕوویداوە، چیرۆکێکی زۆر دڵتەزێنە، کە بەسەر خانەوادەیەکی کورد هاتووە لەهۆڵەندا. منداڵێکیان بەقسەی چەند کەسێکی توندڕەو فریودرابوو، ماڵ و خزم و کەسوکاری خۆی جێهێشت و بەرەوە سوریا بەڕێکەوت و چووە ناو داعشەوە. سەرەتای فیلمەکەم لەوێوە دەستپێکرد و بەرەبەرە گەشەمان پێدا و چەندین جار دەستکاری و گۆڕانکاریم تێداکرد تا گەیشتینە ئەوەی فیلمەکە بەمشێوازی ئێستا هاتە بەرهەم. بێگومان ئەم پرۆسەیە نزیکەی دوو ساڵی خایاند، تاوای لێهات شایانی بڵاو کردنەوە بێت.

پ٢: بۆچی ئەم ناونیشانەت بۆ هەڵبژارد، ناوەڕکی فلمەکەت چییە..؟

بڕوانە لابەڕە ٢

Kader Abdolah
De boodschapper



پێغەمبەر یان پەیامبەر، یەکێکی دیکەیە لە ڕۆمانەکانی نوسەری ناسراوی هۆڵەندی قادر عەبدوڵڵا، ئەم نوسەرە، بەڕەگەز نوسەرێکی ئێرانییە و بەزمانی هۆڵەندی ئەنوسێ، لەسەر ئاستی هۆڵەندا و ئەورووپاش ناسراوە، تا ئێستا جگە لە زۆربەی زمانەکانی دنیا، کە ڕۆمانەکانی بۆی وەرگێڕدراون، ئەوی ئێمە ئاگاداری بین سێ ڕۆمانیشی کراوە بە زمانی کوردی، (ڕۆمانی خانوەکەی مزگەوتێ و خەتی بزماری)، کاک شەفیقی حاجی خدر لە هۆڵەندییەوە کردوونی بە کوردی.

ڕۆمانی (پێغەمبەر–De boodschapper) یش، دلۆڤان لە هۆڵەندییەوە کردوویە بە کوردی و لە بەرگێکی ٢٨٠ لاپەڕەییدا بڵاوکراوی کردۆتەوە.

قادر عەبدوڵڵای نوسەری ئەم ڕۆمانە ئەڵێ: هەرچەندە چیرۆکەکان و ڕووداوەکانی نێو(پێغمەبەر) لەسەر بنەمای ڕاستی مێژوویی ڕۆنراون، بەڵام دەکرێ هەر هەمووی بە گوێرەی قانونەکانی ئەدەبیات بخوێندرێتەوە.

ماوەتەوە بڵێین، ئەم ڕۆمانە سەرنجڕاکێشەر و جوان وەرگێڕدراوە، شایانی ئەوەیە بخوێندرێتەوە، دەستخۆشی بۆ ئەو وەرگێڕانە جوانە.

# لە خێزانێکی نیشتمانپەروەر و خوێندەوار و ڕۆشنبیر و ئەدەب دۆستدا چاوم کردۆتەوە




2– ناوی فیلمەکەم (ئامین)–ە. ئامین تاکە وشەیەکە کاراکتەری سەرەکی فیلمەکە ئەیڵێ. هەوڵمانداوە ئەکتەرەکان زۆرکەم لە فیلمەکەدا بدوێن، بۆئەوەی گرتەو وێنەی فیلمەکە خۆی بدوێ و بینەر خۆی بتوانێت بڕیاربدا و بۆچوونی خۆی دەربڕێت.

فیلمی (ئامین) باس لە پەناهەندەیەک ئەکات، کە لە هۆڵەندا ئەژیت. زۆر هەوڵ ئەدات تێکەڵ بێت لەگەڵ ژیان و کۆمەڵگای هۆڵەندی و کار بدۆزێتەوە و ژیانێکی نوێ دەست پێ بکات. بەڵام لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا کێشەو گرفتی زیاتر دێنە سەر ڕێگای و توشی خەڵکی توندڕەو ئەبێت.

دوای بیستنی هەواڵی کوژرانی تێکڕای خانەوادەکەی لە جەنگدا، شێت ئەبێت وهەستێکی وا لە ناخیدا پەیدا ئەبێت بۆ تۆڵە کردنەوە. نازانێ چی بکات...؟ ئایا تۆڵەی خۆی لە کۆمەڵگای هۆڵەندی ئەکاتەوە، یان ڕێگایەکی دیکە هەڵئەبژێرێت...؟ ئامین ئەو وشەیەیە کەوا لەکاراکتەرەکە ئەکات ڕێگای توندوتیژی هەڵبژێرێت و دەستبەرداری ڕابردووی خۆی بێت.

پ ٣: بەڕێزتان لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و لە ناو نوسین و هونەردا پەروەردە بوون، خۆتان سەرەتا شیعرتان نوسیووە، پاشان لەسەر میوزیک گیرسانەوە، ئێستاش نوسین و دەرهێنانی فیلم، حەزئەکەم باسی وێستگەکانی ژیانی خۆتمان بۆ بکەیت..؟

3– بەندە لە دایکبووی شاری هەولێرم لە باشووری کوردستان... لە خێزانێکدا پەروەردە بووم، دایکم و باوکم پێشمەرگەبوون لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، قاڵبووی خەبات و کوردایەتین....لە خێزانێکی نیشتمانپەروەر و خوێندەوار و ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆستدا چاوم کردۆتەوە .. خێزانێک هەر لە باپیرە گەورەمەوە تا دەگاتە باوکم بەشداری شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و کاری سیاسییان کردووە... لە ساڵی 1993 ەوە لە وڵاتی هۆڵەندا ئەژیم... هەر لە و کاتەوە کە زۆر منداڵ بووم، هەستکردم چەندین بەهرە لە ناخمدایە، وەک هونەری وێنەکێشان، موزیک، شیعر، نواندن.

لە خوێندنگا هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە لە زۆربەی بۆنەکان بەشداریم کردووە... تەنانەت ساڵی 1989 لە شاری سەقز لە خۆرهەڵاتی کوردستان بەشداری شانۆگەری (نێرگز و مەرگی هەڵەبجە )م کرد، لە دەرهێنانی هونەرمەند قادرۆک، هەروەها نامیلکەیەکی شیعریشم چاپکردووە لەژێر ناونیشانی (گوڵ و ئاوارەیی)، کە کۆمەڵێک شیعری بۆ منداڵان لە خۆگرتووە.

وۆاشان لە هۆڵەندا بەشی Audio & Video Design –م تەواوکرد و وەکو multimedia designer ستودیۆی تایبەتی خۆم کردەوە بەناوی YadMedia Studio .

**بەندە وەک دەرهێنەر لە بواری کلیپ و ئاواز دانان و نوسینی شیعری گۆرانی بۆ چەند هونەرمەندێک لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان چەندین ساڵە کار ئەکەم، هەروەها لە بواری بەرهەمهێنان و دەرهێنەری تەلەفزیۆنیشدا کارم کردووە.**

پ٤: باسێکی فیلمەکە، ئامادەکردن و ئەکتەر و ستافی تەواویمان بۆ بکە.

4– لە کاری نوسین و دەرهێنان، ئەو کەسەی کە زۆر یاریدەرم بوو بۆ ئەم بەرهەمە هاوکارێکی بەرهەمەکەم، کە خوڵکی (بۆسنیا)یە بە ناوی (ئیسمار ڤەیزۆڤیچ)، ئەو تیمەی کە هەڵمبژارد بۆ کارکردن لەگەڵیاندا بۆ ئەم فیلمە، پێشتر چەندین کاری سینەمایی سەرکەوتوویان بە ئەنجام گەیاندووە و هەروەها لەمەودواش پێکەوە پرۆژەی دیکەمان لەپێشە. ئەکتەرە سەرەکیەکانی فیلمی (ئامین) پێکهاتوون لە:
سۆهراب بایات (ئێرانی– هۆڵەندی)، دڵبرین ئاکرەیی (کورد– هۆڵەندی)، مەحجوب بن مووسا (مەغریبی– هۆڵەندی) و ئەنجام بەرزنجی (کورد– هۆڵەندی).

لە ڕاستیدا چیرۆکی ئەم فیلمە بۆ فیلمێکی درێژم نوسیبوو بەڵام پێم باشتر بوو، وەکو هەنگاوی یەکەم بە کورتە فیلمێکی ١٥ دەقیقەیی دەست پێبکەم و بە خۆشحاڵییەوە تا ئێستا پێشوازیەکی زۆر باشی لێکراوە، بەهیوام لە فیستیڤاڵەکانی کوردستانیشدا بەشداری پێبکەم.

وەکو هەموو دەرهێنەر و بەرهەم هێنەرێک هیوام ئەوەبوو کاتێ بیرۆکەی ئەم فیلمەمان خستە بواری جێبەجێکردنەوە. وەکو کارێکی کوردی لە فیستیڤاڵێکی جیهانی وەربگیرێت و نمایش بکرێت و بخرێتە ناو پێشبڕکێوە... ئەوە بوو پێش ماوەیەک فیلمەکەم نارد بۆ گەورەترین فیستیڤاڵی جیهانی لە (کان) لە فەرەنسا ..



دوای دوو ڕۆژ ئاگاداریان کردمەوە کە فیلمەکە وەرگیراوە و پاش دوو ڕۆژی دیکەش بانگهێشتنامەی بەشداربوونیان بۆ ناردم.

پ5 : کێ بوون ئەو لایەن و ڕێکخراوانەی هاوکاریان کردوون..؟

5– بەڕاستی ماندووبوونێکی زۆری ئەوێ بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی وا. بێجگە لەکارکردن بەخۆبەخشی لەلایەن هەموو ئەکتەرەکان و زۆرینەی ستافی فیلمەکە، کە ساڵێک و نیوێکی خایاند تا توانیمان دەست بەتۆمارکردن بکەین. بەهاندان و پشتگیری چەند برادەرێکی دڵسۆز و چەند سپۆنسەرێک ئینجا ئەمساڵ توانیمان فیلمی (ئامین) بەرهەم بهێنین. ئەمەویت لێرەوە سوپاس و پێزانینی خۆم بە هەموو ئەو هاوڕێ کورد و هۆڵەندییە دڵسۆزانە بڵێم کە بە پێشوازییەکی گەرمەوە هاوکاریان کردین و لەڕێی یارمەتی ئەوانەوە بەشێک لە بوودجەی بەرهەمهێنانی فیلمەکە دابین کرا.

پ6 : کارەکانی ئایندەت چین، فیلمە یان کلیپ و گۆرانییە..؟

6– دوای ئەم فیلمە چەندین بەرهەمی دیکەم لە پێشە. بێجگە لەکاری موزیک و ڤیدیۆکلیپ، پرۆژەی فیلمێکی نوێمان هەیە بەناوی Sniper Alley، کە چیرۆکی گەنجێکە لەناو جەنگدا.
بۆ من خەونێکە ڕۆژێک لە ڕۆژان بودجەیەکی باشم لەبەردەستدا بێت، تا بتوانم لە کوردستان فلێمکی جیهانی بەرهەمبهێنم.
فیلمی (ئامین) بۆ یەکەمجار لە فیستیڤاڵی جیهانی (کان) لەفەڕەنسا بڵاوکرایەوە و لە هۆڵەنداش هەڵبژاردەی فێستیڤاڵی فیلمی ڕۆتەردامە بە ناونیشانی Rotterdam open doek film festival 2018 .. ئەو ڕۆژەی ئەم فیلمە لە فیستیڤاڵی ڕۆتەردام نمایش کرا، ستافی سەرپەرشتکاران و لیژنەی هەڵسنگاندن دەستخۆشی و پیرۆزبابییەکی گەرمیان لە نوسەر و دەرهێنەر بافڵ سەرهەنگ کرد و هەر لەو فیستیڤاڵەدا بە چەند کورتە فیلمێکی تر بەشدار بوو.
ئێمەش زۆر بەگەرمی دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە هونەرمەند کاک بافڵ سەرهەنگ ئەکەین، لە پای سەرکەوتنی و هەڵبژاردنی فلیمەکەی (ئامـــین)، لە فیستڤاڵی فلیمی (کان)ی 2018 لە فەڕەنسا.



# دەستی دەرکی یان کۆمەڵگەی پێشکەوتوو



به سوپاسەوە لە ئەکاونتی
موزەفەر عەزیزەوە



دوای ئەوەی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٥/٧ مانگی ڕابردوو لە هامبۆرگ، خانمێکی پاسکیلسواری تەمەن ٣٣ساڵان، کە خاوەن دوو منداڵی تەمەن ٩ و ٧ساڵانە بووە، بەڕوداوێکی هاتوچۆ ئەکەوێتە ژێر لۆرییەکەوە، هەر ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆمەڵێک پایسکلسوار و هاوڵاتی، کە نزیکەی ٢٠٠دووسەد کەس ئەبوون، وەک ناڕەزایەتی و هاوخەمیی بۆ ئەو تراژیدیایە، بەمشێوەیە لەشوێنی ڕوداوەکە هەستی خۆیان دەربڕی، کۆمەڵگەی هوشیار لەبەرامبەر هەر پێشهات و گۆڕانکارییەکدا، ئەبێ بەمجۆرە هەڵوێستی خۆی هەبێ، بەمەش کەس ناتوانی پێی بڵێت دەستی دەرەکی لەپشتە و ئەجندەی وڵاتێکی تر پەیرەو ئەکات!!!




شیعری جوان

هەن بە گوولە هەن بە وشە
هەن بە ماچ
ئەوانی دی
دەکوژن

لەتیف هەڵمەت

## هەر جارەی تابلۆیەکی شێوەکاری

دکتۆر ڕێبوار سەعید



گەر نەتوانی ئاسمانێک بۆ فڕینی باڵندەکان ئارام بکەی، چۆن ئەتوانی نیشتمانێک بۆ هەناسەی بەختەوەری دروست بکەی.



تاراوگە
بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە،
بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاوئەبێتەوە
TARAWGA
E–mail : sardarfatah@live.nl
HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807